

خرپن و توکن بە بارانەکە زۆر دڵخۆش بوون، قاقا پێکەنین و سەمایانکرد. لمۆزیان کردە ئاسمان تا دڵۆپەکانی بارانەکە بخۆنەوە، بەڵام بەرانە بچکۆڵ لە گۆشەیەکدا وەستا بوو نێوچاوانی تێکنابوو دەیوت: واباشە بچینە ژێر نوایەك.
خرپن هاواریکرد: دەبینی؟ لە هەورەکەی من دنیایەك کەروێشك دێنە خوارێ! توکنیش کە سەیری دڵۆپە بارانەکانی دەکرد، وتی: لە هەورەکەی منیش هەزار بەچکە ڕێوی دێنە سەرزەوی.





بەرانە بچکۆلەکە هەوڵیدا وەك هەموو دەمێ خۆی بنوێنێت، بەڵام خەمبارتر بوو. لەسەرخۆ وتی: ئێوە لە خۆوە ئەو قسانە دەکەن، ئەمە تەنها بارانێکی ئاساییە، ئەی بۆ من بەچکە بەرانێکیش نابینم؟ خرپن و توکن پرسییان: بە ڕاست تۆ لە باران زیاتر شتێك نابینی؟! ئنجا خرپن وتی: دەبێ تۆ بە شادییەوە سەیری هەموو شوێنێك بکەیت، تا هەموو شتێك بە جوانی ببینی. بەرانە بچکۆلەکە بە ڕقەوە وتی: ئاخر من ناتوانم. ئێوە هەموو شتێك جوان دەبینن بەڵام من نا!